# تەنها دوو پرسیار لە بژار و هاوریکانی لە مەر حیزبی تازە

## عادل ئیبراهیم

زنجیرە ئەلقەی تیبنیەکانی کاك بژار گەیشتە 18 ئەلقەو حیزبەکەشیان هەر ناوی حیزبی تازەیە، پرسیاریکم ئەوەیە، هەر حیزبیك کە دائەمزرێت، تەنها بۆ چەند رۆژیك پیێ ی دەلین حیزبی تازە، دواتر ئەو حیزبە ناوی هەیە، سیاسەتی هەیە، هەلسورانی هەیە، شەخسیاتو رابەری هەیەو بەوانە دەناسریتەوە، ئاخۆ ئەم حیزبە تازەیەی کاك بژار تا زنجیرە ئەلقەکانی تەواو دەبیت هەر ناوی حیزبی تازە دەبیت؟، ئەوی راستی بیت ئەم حالو ئەحوالەی کاك بژارو حیزبە تازەکەیان، ریكو بیێ ئەملاولا بەرەی نیشتمانی کوردستانم وەبیر دەخاتەوە کە لە 91 وە دەیان ووت حکومەتەکەمان ساوایە، ئەو حکومەتە داماوەش هەر پیێی نەگرت تا دوو حکومەتی لیێ بووەوە.

کاتی خۆی منصور حکمت کە لە حیزبی کۆمۆنستی ئیران جیابوەوە و حیزبی کۆمۆنستی کریکاری دروستکرد بۆ یەك ساتیش نەی ووت حیزبی تازەو عەجولانە حیزبەکەی گەشە پیێداو هیچ کات نە لە "مەر و نە لە بزن" زنجیرە ئەلقەی فەرقی نیوان دوو حیزبەکەی نەنوسی، حیزبەکەشی ئەوەندە گەورە کرد، ئەوەتا ئیستا لە خوا بەزیاد بێت چوار حیزبی لیێ بۆتەوە. هەروەها حیزبی حکمەتیەکان شوکر هەر بە ناونیشانی خۆیانەوە نەك بەناوی حیزبی تازەوە هەلسورانی سیاسی دەکەن، هیوادارم کاك بژار بە سنگی فراوانەوە لە ئەلقەیەکدا زەحمەت بکیشیێو وەلامی ئەم پرسیارەمان باتەوە.

پرسیاریکی ترم ئەوەیە ئایا حیزبی تازە لیدەریان هەیە؟، گەر هەیانە ناوی چییەو چ کارەیە؟، وا لە بژار گەیشتبم باوەریان بە رابەری جەماعی هەیە، بە لام تەقواییەکان لیدەریان هەیە ئاخۆ لەمەدا ناکوك نابن بەیەك، یان مەسەلەکە ئەوەیە کە لیدەریان بۆ هەلنابژیردریتو لە نیوان خۆیاندا شانو شەوکەتی لیدەری بۆ کەس بە رەوا ناناسن، هیوادارم کاك بژار دلمان نەشکینیێ بیێ وەلامان نەکات، ئەلقەیەکی تریش بۆ وەلامی ئەم پرسیارە زیاد بکات.

2005/3/4